# هەواڵنامەی یونامی

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق

هەواڵنامەی ژمارە 11 — نیسانی 2011


## لـــەم ژمارەیـــەدا


نوێنەری تایبەت مێلکەرت بۆ ئەنجومەنی ئاسایش: عیراقییەکان داخوازیی ڕەوایان هەیە کە پێویستە حکومەت دابینیان بکات ............................................. ١

چاوپێکەوتن: نوێنەری تایبەت مێلکەرت میوانی بەرنامەی (Frost Over the World) ......................... ٢

مۆزەخانەی سریانی ئومێد و بیرەوەرییەکان زیندوو دەکاتەوە ................................................... ٣

بۆ پاراستنی کەلەپوری کلتوریی عیراق بۆ نەوەی ئاییندە: یەکەم کۆبوونەوەی ICC لە عیراق سازکرا ............. ٥

کۆنفرانسی لاوانی عیراقی دەنگ و بیرو ڕای لاوان دەگەیەنێت ............................................... ٦

بەربەرەکانی ئافرەتێك لەگەڵ نەخۆشی سیل: بەرهەڵستی کردنی نەزانین و نیشانەی نەخۆشی ...................... ٨

یەکەم دابەشکردنی ژەمەخۆراکی قوتابخانە لە عیراق..... ٩

هەڵسەنگاندنی سیستەمی تۆمارکردنی مەدەنیی عیراقی ١٠

ڕێکخراوی کۆچی جیهانی بەردەوام دەبێت لە یارمەتیدانی خێزانە زیانلێکەوتووەکانی لافاو لە عیراق ............. ١٠

کورتەی هەواڵەکان ........................................ ١١

لیستی کورتکراوەی ناوەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ............................................ ١٢

چیرۆکی وێنەیی: کردنەوەی موزەخانەی کەلەپوری سیریانی ................................................ ١٣


# نوێنەری تایبەت مێلکەرت بۆ ئەنجومەنی ئاسایش: عیراقییەکان داخوازیی ڕەوایان هەیە کە پێویستە حکومەت دابینیان بکات



نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق ئاد مێلکەرت کورتەیەك لەسەر کاری یونامی و پەرەسندنەکانی ئەمداوییەی عیراق دەداتە ئەنجومەنی ئاسایش.

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق (نوێنەری تایبەت) و سەرۆکی یونامی بەڕێز ئاد مێلکەرت ڕۆژی ٨ی نیسانی ٢٠١١ پوختەیەکی نوێترین پەرەسەندنەکانی ڕەوشی عیراقی بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان باسکرد.

بەڕێز مێلکەرت وتی، "ئەگەرچی عیراق لەم ساڵانەی دواییدا هەنگاوی گرنگی ناوە لە گواستنەوەی بەرەو دیموکراسی، وەکو پەسندکردنی دەستوور و هەڵبژاردنی نیشتیمانیی باوەڕپێکراو و حکومەتێکی بنکە فراوانی هاوبەشیی نیشتیمانی و کەشێکی کراوە بۆ میدیا کۆمەڵگای مەدەنی، بەڵام گەلی عیراق ئێستا داوای ئەو خەڵاتانە دەکەن کە سەرکردەکانیان بەڵێنیان پێدابوون."

لە ئاماژەیەك بۆ ناڕەزاییەکانی ئەم دواییەی عیراق لە پاش ٢٥ی شوباتەوە، کە بەشێك بوون لە بزووتنەوەیەکی فراوانتری ناڕەزایی لە ناوچەکە، بەڕێز مێلکەرت وتی کە ناڕازییان نیگەرانیی ڕەوایان هەیە لەبارەی دەرفەتی کار و گەیاندن یخزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و لێپرسینەوە.

ئەو هەروەها هۆشیاریشیدا کە " ئەگەر ئەو داوایانە لەبەرچاو نەگیرێن، لەوانەیە ئەو دەسکەوتە سیاسی و دیموکراتییانەی تا ئێستا بەدیهاتوون بۆ زۆر عیراقییانی ئاسایی وەك شتێکی بۆشی بێ ناوەڕۆك دەرکەون و ئەمەش ئەرکێکی ئاسان نییە بۆ حکومەتی عیراق."

بەڕێز مێلکەرت هیواشی خواست دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان چاو بەو توندوتیژییانەدا بخشێننەوە کە لە چەندین شوێنی وڵاتدا ڕوویاندا و بوونە هۆی کوژران و بریندار بوونی چەندین هاوڵاتیی مەدەنی و، هەنگاوی پێویستیش بنێێن بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی ئەو مافە بنەڕەتییانە.

بەڕێز مێلکەرت هەوڵەکانی سەرۆك وەزیران نوری مالیکیی بۆ کارکردنی لێپێڕاوانە بۆ بەدیهێنانی ئەو خواستانە بەرز نرخاند، بە پلانی ١٠٠ ڕۆژەشی بۆ ڕەخساندنی هەلی کار و گەیاندنی خزمەتگوزاری و ڕاگەیاندنی کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بەرگری و موچەکانی حکومەت و کارکردن دژی گەندەڵیشەوە.

> ***"لە کرۆکی ئەو ناڕەزاییانەی لە ٢٢ ی شوباتی ئەمساڵەوە لە سەرتاپای عیراقدا بەپا کران، داواکاریی ڕەوا بۆ هەلی کار و گەیاندنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و لێپرسینەوە هەن. ئەگەر ئەم داوایانە لەبەرچاو نەگیرێن، لەوانەیە ئەو دەسکەوتە سیاسی و دیموکراتییانەی تا ئێستا بەدیهاتوون بۆ زۆر عیراقییانی ئاسایی وەك شتێکی بۆشی بێ ناوەڕۆك دەرکەون"***
>
> ***نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت***

بەڕێزی تیشکی خستە سەر بەدەنگەوەچوونی یونامی و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشتگیریکردنی هەوڵەکانی حکومەت و وتی، "ئێمە پێشنیاری جێبەجێکردنی زنجیرەیەك پرۆژەمان کردووە کە، ئەگەر حکومەت پەسندی بکات و ئامادەی پشتگیریی دارایی هاوبەش بێت بۆیان، لەبارییاندایە خێرا فراوان بکرێن و بەدواداچوونیان بۆ بکرێت لەپێناو دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجان و تەندروستی و تەندروستی و خۆراك و چارەسەرکردنی خاشاك و باشکردنی دابەشکردنی خۆراکی مانگانە و ئاوی سازگار."

بەڕێزیمێلکەرت هەروەها روونیکردەوە کە کۆمەکبەخشانی دووقۆڵی، بانکی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان، لە مانگی ئایاردا لەگەڵ شاندێکی وەزاری کۆدەبنەوە بۆ پێداچوونەوەی راسپاردەکانی پەیوەست بە پەرەسەندی ئابووری و کۆمەڵایەتیی عیراق و تواناسازیی دامەزراوەیی کە کۆڕی هاوبەشانی عیراق پێشکەشیان کردبوو لە چوارچێوەی ئەوەی پێی دەوترێت (کتێبی پوختەیەك لەسەر عیراق).

سەبارەت بە دواکەوتنی تەواوکردنی پێکهێنانی حکومەتی عیراقیش، بەڕێز مێلکەرت سەرکردەکانی عیراقی هاندا "جیاوازییەکانیان بەلاوە نێن و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتیش بگەیەننە کۆتایی."

ئەو هۆشداریی دا کە سەقامگیریی وڵات هێشتا لەژێر فشاردایە و هێرشە تیرۆریستییەکانیش هێشتا بەردەوامن. وتیشی، "کە هێزەکانی ئەمریکا دەکشێنەوە نابێ عیراق لەبیر بکرێ و دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش بۆ یارمەتیدانی ئامادەبێ."

بەڕێز مێلکەرت تێبینیی کرد لەو چەند مانگەی رابردوودا رووداوەکانی پەیوەست بە ئاسایش روو لە کەمبوونەوەن.

نوێنەری تایبەت باسی توندوتیژییەکانی مانگی رابردووی کامپی ئەشرەفیشی کرد کە مردن و برینداربوونیان لێکەوتەوە و جەختی کردەوە کە پێویست هەوڵ بدرێت بۆ وەستاندنی توندوتیژی و چارەسەرکردنی ئاشتییانەی هەموو کێشەکان.

سەبارەت بە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگای کەرکوك لە دەرەوەی چوارچێوەی (میکانیزمی ئاسایشی هاوبەش)دا، بەڕێز مێلکەرت دووپاتی کردەوە کە ئەو رووداوانە " پێویستیی گفتوگۆکردن لەبارەی میکانیزمی ئاسایشی هاوبەشی سێقۆڵی و پرۆسەی چارەسەرکردنی سنووره ناوخۆییە کێشەلەسەرەکانی وڵات دووپات دەکەنەوە."

لە راپۆرتەکەیدا بەڕێز مێلکەرت باسی لە بەرەوپێشچوونی سەرەتایی دڵخۆشکەر بە ئاراستەی چارەسەری سیاسیی بە دانوستان کرد و وتی، "بە هاوکاریی ئێمە، بەرپرسانی حکومەت و نوێنەرانی لایەنە سیاسییە سەرەکییەکان گەیشتنە رێککەوتنێك لە ٢٧ی ئاداری ئەمساڵ بۆ کارکردن لەگەڵ یونامی لەسەر کێشە هەڵپەسێراوە سەرەکییەکان لە رێگەی (میکانیزمی راوێژی بەردەوام)ەوە کە دەبێتە سەکۆیەك بۆ راوێژی فرەلایەنی خۆپارێزی لە ئەگەری پەیدابوونی ناکۆکی."

پەرەسەندنی بەرچاو لە پەیوەندییەکانی عیراق و کوێتیش بەدیهاتووە لەژێر رۆشنایی سەردانە مێژووییەکەی سەرۆك وەزیران نوری مالیکی بۆ بۆ کوێت و راپۆرتەکان لەسەر کەشی دۆستانەی کۆبوونەوەکان و ئەو گفتوگۆیانەی لەسەر بابەتی هەستیار بۆ هەردوولا کران.

بەڕێز مێلکەرت لوم بارەیەوە وتی، "من هیوام خواست هەردوولا ئەم دەرفەتە دەگمەنە بقۆزنەوە بۆ نیشاندانی هونەری سەرکردایەتی لە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکی ئاڵۆز و ئازاربەخش لە کاتێکدا ناوچەکە لە گەڕاندایە بە دوای روانگەی نوێ بۆ هاوکاری و پەرەپێدان وەك جێگرەوەی ناکۆکی و چەقبەستن."

بەڕێزی روونکردنەوەکەی خۆی بۆ ئەنجومەنی ئاسایش بە تێبینییەکی تایبەتی خۆی کۆتایی پێهێنا و وتی کە ئەو بینیویەتی "لە چەند مانگی رابردوودا دەستکراوە بە لابردنی دیوارە کۆنکرێتییە لەژمارنەهاتووەکان و ئەوەش ئاماژەیە بۆ پێشڤەچوونی بەرچاو لە زاڵبوون بەسەر ساڵانێکی پڕ شەڕ و ناکۆکی و گەمارۆ کە بەرۆکی وڵاتیان گرتبوو، هەروەها ئاماژەشە بۆ گێڕانەوەی رەوشی ئاسایی بۆ پێگەی نێودەوڵەتیی عیراق و ژیانی رۆژانەی خەڵکەکەی."

لە نوێترین راپۆرتی خۆی لەسەر چالاکییەکانی یونامی، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێز بان کیمۆن پەسنی سەرکردە سیاسییەکانی عیراق دا بۆ پابەندبوونیان بە گفتوگۆ و دروستکردنی کۆدەنگی و، داواشی لێکردن دروستکردنی حکومەتە نوێیەکەیان تەواو بکەن و (ئەنجومەنی نیشتیمانیی سیاسەتە ستراتیجییەکان) یش پێکبهێنن.

## چاوپێکەوتن

# چاوپێکەوتن: نوێنەری تایبەت مێلکەرت میوانی بەرنامەی (Frost Over the World)

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق (نوێنەری تایبەت) بەڕێز ئاد مێلکەرت میوانی سێر دەڤید فرۆست بوو لە بەرنامەکەی، (Frost Over the World)، لە پەخشی کەناڵی جەزیرەی نێودەوڵەتیی کە لە ١٥ی نیسانی ٠١١ پەخشکرا. ئەمە وەرگێڕانی تەواوی دەقە ئینگلیزییەکەی چاوپێکەوتنەکەیە لەسەر رەوشی گشتیی عیراق.

**سێر دەڤید فرۆست:** لەکاتێکدا جیهان چاوی بڕیوەتە وەڵاتانی وەك لیبیا و سوریا و یەمەن، عیراقیش لە کۆتایی مانگی شوباتی رابردووەوە نارەزایەتیی تێدا هەبووە، بەڵام جیاواز لە شوێنەکانی تر عیراقییەکان خوازیاری گۆڕینی رژێم نەبوون بەڵکو داوای دەرفەتی زیاتری کار و کەمکردنەوەی گەندەڵی و ئاستێکی باشتری ژیان و، پێم وایە، تەناهیشیان دەکرد. هاوکات، بڕیار وایە تا کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ئەمساڵ ئەمیریکا تەواوی هێزەکانی لە عیراق بکێشێتەوە بەڵام هەندێك دەڵێن جارێ وڵات ئامادەری ئەم هەنگاوە نییە. ئەری بەراست




نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق ئاد مێلکەرت لە بەرنامەی "فرۆست لە گشت جیهان"(Frost Over the World) ی کەناڵی ئەلجەزیرە دیێتە میوانی بەڕێز داڤید فرۆست (وێنە : کەناڵی ئەلجەزیرە)

عیراق ئامادەیە؟ هەر ئێستا نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق بەڕێز (ئـاد مێلکەرت)م لەگەڵدایە کە بەم دواییە نوێترین راپۆرتی وەرزیی خۆی لەسەر رەوشەکە پێشکەش کردووە. ئێستا رەوش چۆنە؟ مەبەستمە بڵێم ئێستا ژیان بۆ خەڵکی عیراق چۆنە؟ باشە؟ باشترە؟ وەکو پێویست باش نییە؟

**نوێنەری تایبەت ئـاد مێلکەرت:** وەکو پێویست باش نییە و لە هەمان کاتدا باشتریشە. باشـترە کە لەگەڵ ساڵانێکی پێش ئێستای بەراورد دەکەی، ئەو کاتەی بە راستی لە هەموو شوێنێك خوین رشتن هەبوو. ئەگەرچی هێشتا تێکڕایی رووداوەکانی توندوتیژی لە رۆژێکدا هێشتا بە دڵنیاییەوە ئاسایی نییە، بەڵام وا بەرەو باشتربوونە.

**سێر دەڤید فرۆسـت:** چەند رووداو لە رۆژێکدا؟

**نوێنەری تایبەت ئـاد مێلکەرت:** ٢٥ رووداو لە رۆژێکدا لە سەرتاپای وڵاتدا. ئەمەش بێگومان رەوشێکە کەش پێی خۆش نییە لە ئاییندە ببینێتن بەڵام هێزەکانی ئاسایشی عیراقی تا دێ توانای خۆیان زیاتر دەسەلمێنن. حکومەت، کە دامەزراندنەکەی ماوەیەکی زۆری خایاند، دوای هەڵبژاردنی سەرکەوتووانە ئێستا وا لەسەر کارە و هەوڵ دەدات پلانێکی بەپەلە دابنێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو خۆپیشاندانانەی باست کردنن بەڵام جارێ هێشتا ماوە ببینین کاریگەرییەکەی چۆنە. رەنگە ئەو قورسترین ئاستەنگ بێت. سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمێریکاش بەپێی ئەو خشتەی کاتەی دانراوە، بێگومان عیراق پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغێك کە تێیدا دەبێتە رابەری جیهانی عەرەبی بە سەرۆکایەتیکردنی (کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی) بۆ ئەم ماوەیە و ئەمانەش، تا رادەیەك، دەرفەتی وا دێننە پێشەوە باشتر لەوانەی لە وڵاتانی تردا دەبینرێن. بە راستی ئەمانە کەم نین!

**سێر دەڤید فرۆسـت:** بە راستی کەم نین!! ئەی سەبارەت بە خەڵك کە ژیانێکی سەلامەتیان هەبێ، ژیانێك دوور لە نیگەرانی لە ژمارەی تەقینەوەکان و شتی تری ۆرژانەی لەو بابەتە... تۆ خۆت خەریك بوو بۆمبێك بتکوژێت، وا نەبوو؟

**نوێنەری تایبەت ئـاد مێلکەرت:** لە راستدا ئێمە لە تشرینی یەکەمی ساڵی پار لە نەجەف زۆر لێی نزیك بووین، بەڵام تەنانەت ئەو کاتەش بیرم لای ئەو هەموو عیراقییانەی زۆر شوێنی تر بوو کە رزگاریان نەبوو. ئەمە نیشانی دەدات کە بونیاتنانەوەی وڵاتێك بە راستی لەسەر ۆزر کەس گران دەکەوێت. هێشتاش زۆر کەس ئامادەی ئەو مەترسییەن چونکە زۆرینەی رەهای عیراقییەکان پاڵنەری بەهێزیان هەیە بۆ گەڕانەوە بە دۆخی ئاسایی.

**سێر دەڤید فرۆسـت:** بە گەڕانەوە بۆ دواوە، هەڵەی گەورە ئەوە بوو هاوپەیمانان ژمارەی پێویستی کارمەندیان نەبوو پاش ئەوەی شەڕیان لە رووی تەکنیکییەوە بردەوە.

**نوێنەری تایبەت ئـاد مێلکەرت:** من پێم وایە کۆدەنگی هەیە کە پلان بۆ قۆناغی دوای داگیرکاری نەبووە و، کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش کاتێکی زۆری ویست تا ئەو جۆرە پشتگیرییە بخاتە مەیدان، بە بونیاتنانەوەی، با وای ناو بنێن، ریشاڵەکانی حوکمڕانیی عیراقیشەوە. ئێستا بێگومان عیراق لە بارێکی باشتردایە .ئەگەرچی لە زۆر بواردا کەمتوانایی هەیە، بەڵام عیراقییەکان بەردەوام سووربوونیان لەسەر حوکمڕانی و کاریگەربوون نیشان دەدەن و وەبەرهێنەرانیش بێگومان زیاتر ئارەزوومەندی وەبەرهێنانن، بە تایبەتی لە بەشی باکووری وڵاتدا. کەرتی پیشەسازیی نەوتی خەریکە هەنگاو دەنێتەوە ئەگەرچی هێشتا زۆری ماوە بگاتە قۆناغ.

**سێر دەڤید فرۆسـت:** وتت کە ئەمێریکییەکان وادەی رۆیشتنیان مانگی کانونی یەکەمە و شتی تری لەو بابەتەش. وەزیر (گەیتس) بەم دواییە لێدوانی داوە کە لەوانەیە ئەمێریکییەکان، یان هەندێك لە ئەمێریکییەکان، پێویست بێ بمێننەوە. دەشێ ئەوە روو بدات؟ پێویستە رووبدات؟

**نوێنەری تایبەت ئـاد مێلکەرت:** باشە، تۆ دەزانی لە لایەنی نەتەوە یەککگرتووەکانەوە ئێمە ناتوانین و نابێ هەڵوێستمان لەسەر ئەمە دەربڕین چونکە ئەوە لە راستیدا بابەتێکی دووقۆڵییە لەنێوان هەردوو حومەتی عیراقی و ئەمێریکی. روونە کە ئەمە لە عیراقیش بابەتێکی مایەی مشتومڕە و لە گۆشەنیگای نێودەوڵەتیشەوە زۆر گرنگە بڕوانینە کاریگەرییەکانی ئەو بابەتە بەسەر سەقامگیریی وڵاتەوە، بە تایبەتیش لە باکوور کە ناکۆکی لەسەر سنوور لە هەندێك ناوچە هەیە کە کورد لە لایەك و عەرەبیش لە لایەکەی ترەوە خۆیان بە خاوەنی دەزانن. ئەمە شتێکە بۆ ئێمەش وەك نەتەوە یەکگرتووەکان مایەی بایەخە ببینین چۆن لەگەڵ سوپای عیراق، هەروەها لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستانیش، شتێك بکرێت بۆ پاراستنی ئەو پێشڤەچوونەی لەم چەند ساڵەی دواییدا بەدیهاتووە لەڕێی ئەوەی پێی دەوترێت (میکانیزمی هاوبەشی ئاسایش) و ئەمێریکییەکان سەرپەرشتیی دەکەن. ئەمە بێگومان دەگۆڕێت و ئێمەش تەماشا دەکەین چۆن بتوانن بەشمان هەبێ لە هێنانە کایەی بەشدارییەکی نێودەوڵەتی بۆ رێگرتن لە لەدەستدەرچوونی رەوشەکە لە ئاییندە.

**سێر دەڤید فرۆسـت:** ئەی سەبارەت بە فشارەکانی سەر ناوچەکە، پێت وایە یاخیبووان خەریکە تەواو بنبڕ بکرێن یان دەتوانن، خوا نەکا، راست ببنەوە؟

**نوێنەری تایبەت ئـاد مێلکەرت:** زەحمەتە ئەوە بڵێی. سەرچاوەی زۆر بۆ ئەگەری توندوتیژی هەن و، وەك وتم، ئێمەش هەموو رۆژ بەچاوی خۆمان دەیبینین. لەوانەیە لە داکشان بێت. بێگومان لەوانەشە کاریگەریی ئەوە بێت کە لە شوێنی تری دەروبەر روو دەدات چونکە ، من پێم وایە، زۆر وڵات ئێستا سەرقاڵی کاری خۆیانن ئەوەش لەوانەیە تا رادەیەك وایان لێبکا زیاتر بوار بە عیراق بدەن خەریکی کاری خۆی بێت لەبەر ئەوەی دەستێوەردان لە زۆر لایەنەوە هەیە. لەوانەیە ئەمە بوار و دەرفەتێك بۆ عیراق بێنێتە پێشێ نیشانی بدات کە ئێستا بەراستی هەنگاوێك لەپێشەوەیە دوای پەسندکردنی دەستور و ئەنجامدانی هەڵبژاردن و، ئێستاش هەوڵ دەدات تۆوی گونجاو بچێنێت بە قازانجی میللەتەکەی.

**سێر دەڤید فرۆسـت:** کەواتە دەتەوێ بڵێی ئەو راپۆرتەی ئێوە بەراستی راپۆرتی پێشکەوتنە زیاتر لەوەی نەبوونی پێشکەوتن بێت. رەوش بەرەو باشییە، وا نییە؟

**نوێنەری تایبەت ئـاد مێلکەرت:** من هەمیشە بە پارێزەوەم لەبارەی ئەوە چونکە پاشەکشە لەهەموو شوێنێکەوە سەرەتاتکێیەتی، بەڵام ئەگەر مرۆ لەسەر ئاستی دوور بۆی بڕوانێ، وەکو من، دەتوانێ بە وریاییەوە گەشبین بێت بەوەی ئێستا دەگوزەرێت.

**سێر دەڤید فرۆسـت:** ئەمە هەواڵێکی خۆشـە، ئـاد. سوپاس. بەراستی زۆر سوپاس.

**نوێنەری تایبەت ئـاد مێلکەرت:**
سوپاس بۆ میوانداریيەکەت.

**لە چاوپێکەوتنێکی Newsmaker لەگەڵ ناوەندی هەواڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٨ی نسانی ٢٠١١، بە ڕێز مێلکەرت وتی سەرباری نائارامی، هیچ گومانێك نییە کە لە چەند ساڵی رابردوودا لە عیراق رەوشەکە گۆڕاوە. بەڕێزی هەروەها تێبینیی بەردەوامیی هەوڵەکانی ئاوەدانکردنەوە و زیادبوونی وەبەرهێنان و ئامادەیی سەرکردە سیاسییەکانی عیراقیشی بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی خەڵکی کرد. هەروەها وتی "خەڵکێکی زۆر نیگەرانن لە گەندەڵی و شەڕێکی سەرهەورازیشە بتەوێ هەموو داواکارییەکانی وەك خزمەتگوزاریی باشتر و کارەبا و ئاوەڕۆ و هەلی کار بەدیبهێنی." (ناوەندی هەواڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان UN News Centre، ٨ی نیسانی ٢٠١١)**

# مۆزەخانەی سریانی ئومێد و بیرەوەرییەكان زیندوو دەكاتەوە

نوسینی سەباح عەبدولرەحمان



حەبیب لۆقا لە عەنكاوە ئامادەی كردنەوەی "موزەخانەی كەلتوری سریانی". (وێنە: بیكەم ئەكبەرزادە/ راگەیاندنی یونامی)

حەبیب لۆقای تەمەن ٦٨ ساڵە مامۆستایەكی خانەنشینی بە رەچەڵەك سریانییە. چاوە رەشەكانی پڕ زیرەكی و بزێوی بوون بەسەر روخسارێك سەختیی ژیان چرچ و لۆچی تێخستبوو. لە چاویلكە هاوێنە ئەستوورەكەیەوە تەماشای ئەو ریزە وێنەیەی دەكرد بە دیواری ناوەوەی هۆڵی رۆشنبیریی (مۆزەخانەی كلتوریی سریانی)دا هەڵواسرابوون كە لە ١٠ی نیسان لە شارۆچكەی عەنكاوەی باكوری رۆژئاوای هەولێر كرایەوە. حەببیب پێیپیەوە دیاربوو شەڵاڵی شانازییە بە كلتوری باپیرانی كە بەم دواییە لەم مۆزەخانەیەوە كەوتەوە بەر چاوان.

حەبیب نقومی بیرەوەرییەكانی منداڵیی ببوو كاتێك سەیری وێنەیەكی كۆنی دەكرد كە باوكی و منداڵانی تری هاوپۆلی لە یەكێك لە قوتابخانە قوڕینەكانی عەنكاوە نیشان دەدا. ئەو بە هێواشی و لەرزەوە بەناو مۆزەخانەكەدا دەگەڕا و بە وردی دەیڕوانییە دەستنوسە كۆنەكانی كتێبی پیرۆز و دوعا و دەقەكانی ئایینییەكان و بەڵگەنامەكانی لەدایكبوون و هاوسەرگیری و بڕوانامەی تەواوكردنی خوێندن دەبووەوە.

ئەو لەكاتێكدا بە سەرسامی دەیڕوانییە چەند رۆژنامەیەكی سریانی و تۆمارە دەنگییەكانی فۆلكلۆری سریانی و سەدان پۆرترێتی ناوداران و مێژوونوسان و مۆسیقاژەنان و گۆرانیبێژان و شانۆكاران كە بە پێشەنگانی هونەریی شانۆیی لە عیراقدا ناسراون، بە چاوی پڕ سۆزەوە وتی "وا هەست دەكەم دووبارە ئەو رۆژانە دەژیمەوە."

وەكو زۆر ئافرەت و پیاو و منداڵی تر كە ئەو رۆژە لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حكومی ئامادەی كردنەوەی یەكەمین مۆزەخانەی كلتوری سریانی لە هەرێمی كوردستانی عێیراق بوون، حەبیب رەچەڵەكی خۆی دەباتەوە سەر سریانەكان كە زۆر جار بە سریانی مەسیحی و كلدانیش دەناسرێن. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئایینب مەسیح لە میزۆپۆتامیا لە سەدەی یەكەمی دوای زایین نەوەكانی ئەو گروپە ئیتنییە، كە ریشەیان بە ناوچەی (هیلالی بەپیت)دا شۆڕبۆتەوە، بوون بە مەسیحی.

لە سەدەكانی ناوەڕاستیشەوە زۆرەبی سریانەكان وەك كەمینەی نەتەوەیی لە عیراق و سوریاو ئێران و توركیا دەژین و هەندێكیشیان كۆچیان بۆ شوێنی تری جیهان كردووە. ئێستا زۆرترین گردبوونەوەی سریانەكان لە دەشتی نەینەوای نێوان هەولێر و موسڵدا و لە شارۆچكەی عەنكاوەدا دەژین كە دانیشتوانەكەی ٣٠٠٠٠ كەسە و دەكەوێتە باكوری رۆژئاوای شاری هەولێر. مۆزەخانەی سریانی و میوانە شادەكانی ئاهەنگی رابردوویەكی پڕشنگدتر و دووپاتكردنەوەی ناسنامەیان گێڕا.

ئەو مۆزەخانە سریانییە، كە شوێنێكی بچووكە بۆ كەلەپورێكی مەزنن پڕ بوو لە میوانانی كەیفساز لە هەموو بوارەكانی ژیان كە هاتبوون خۆیان لە بیرەوەرییەكانی باپیرانیان تێر بكەن. هەندێكیان باوەشیان بەیەكتردا دەكرد و ئەملا و ئەولای یەكتریان ماچ دەكرد وهەندێكی تر دەستی یەكتریان دەگوشی بۆ بەخێرهێنان. كارمەندانی مۆزەحانەش بە بەرگی ئاڵوواڵای كلتوری و تەتكەوپەتكەوە مێژووی سریانەكانیان بە رازاوەیی دەنواند.

بنیامین حەدداد نوسەرێكی تەمەن ٨٠ ساڵەی خەڵكی ئەلقوشـــە و ئێستا دانیشتووی دهۆكە. ئەو یەكێك بوو لەو هەموو میوانەی نەیاندەتوانی خۆشی و شانازی و سەرسوڕمان خۆیان بشارنەوە لەكاتی سەیركردنی پارچە نایابەكانی ئەو گەنجینە كلتورییە.

بنیامین بە سۆزەوە وتی، "بایەخدان بە كەلەپوری كلتوریی گەلان ئێستا هەر خۆی زانستێكە و ئێمەش لەم مۆزەخانەیەوە ئارەزایی باپپیرانمان و كەلەپور و بەرهەمە رۆشنبیرییەكانیان دەبینین كە بەڵگەنامەن بۆ هەر شتێك بخوێندرێتەوە یان ببینرێت یان ببیسترێت."

ئەم مۆزەخانەیە كەنمونەی نییە لەسەر ١٤٣٠ مەتر دووجا لە گەڕەكی (دەرگە)ی عەنكاوە دروستكراوە. بەڕێز (فاروق حەننا) ی بەڕێوەبەری مۆزەخانە دەڵێ ئەو هۆڵـــە دووقاتەی لەسەر ٣٠٠ مەتر دووجا دروستكراوە تا رادەیك بچووكە بۆ نیشاندانی ئەو هەموو كەلوپەلە.

كاك فاروق بە هیوای پەیداكردنی شوێنێكی فراوانتر و باشترە و دەیەوێ بیكاتە باشترین مۆزەخانەی عیراق و جیهان بۆ راكێشانی میوانان لە سەرتاپای جیهانەوە. ئەو نیگەرانیشە كە هیچ یكێك لە ٥٠ كارمەندەكەی مۆزەخانەكە وەكو پێویست رانەهێنراون بۆ كاركردن لە مۆزەخانە.

كاك فاروق كە پیشەی ئەندازیاری كشتوكاڵی بوو دامەزراندنی وەك بەڕێوەبەری مۆزەخانە تەنها بە رێكەوت بووە. بێئاگا لە بەختی باشی، كاك فاروق رۆژێكی خۆشی مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٩ سەردانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كلتور و كەلەپوری سریانی دەكات بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی ئەوان بۆ كردنەوەی پێشانگایەكی كلتوریی كۆمەڵە بەرهەمێكی سریانی كە ساڵانێك بوو كۆیدەكردنەوە. بەڕێوەبەرایەتیی گشتیـــش تازە رەزامەندیی وەرگرتبوو بۆ كردنەوەی مۆزەخانەیەكی كلتوری و كەلەپوری و بەدوای كەسێكی گونجاودا دەگەڕان بەڕێوەی ببات.

بەڕێوەبەری گشتی بێ دوودڵی ئەو ئەرکەی بە فاروق سپارد و ئەویش بە خۆشحاڵییەوە پێی رازیبوو.

سەرەتا بۆ دەستپێکردنی پرۆژەکە خانوویەکی بچووك بەکرێ گیرا پێش ئەوەی کارکردن بۆ باڵەخانەی مۆزەخانە لە کاتێکی درەنگتری ٢٠٠٩ دەست پێبکات. شانازیی کردنەوەی ئەم مۆزەخانەیە و بەدیهێنانی ئەو خەونە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە لە بەر ئەوەی شارەوانیی عەنکاوە پارچە زەوییەکی بەخشی کە دواتر باڵەخانەی مۆزەخانەی لەسەر دروستکرا و وەزارەتی رۆشنبیریش ئەرکی دابینکردنی پارەی بۆ کڕینی کەلوپەلی بۆ مۆزەخانەکە و تێچوونە ئیدارییەکانی لە ئەستۆ گرت.

بە ماوەی دوو ساڵ و بەهۆی چاوتێری و بەخششی ٣٧٦ کەس و گروپ، زیاتر لە ٣٠٠٠ پارچەی کلتوری و کەلەپوری کۆکرانەوە لە گوندەکانی دەوروبەری عەنکاوە و دەشتی نەینەوا و دهۆك و کەرکوك و زۆر شونی تر، بە هەکاریشـــەوە لە باشوری خۆرهەڵاتی تورکیا.

یرۆکی کەلەپوری سریانی دەگێڕنەوە لەڕێی جلوبەرگی رەسەن و قاپوقاچاغ و کەلوپەلی دەستکرد و کشتوکاڵی و دەستنوس و وێنە و تۆماری دەنگی و مۆسیقا و گۆرانیی رەسەن و فۆلکلۆریەوە. کەلوپەلەکان پێش دانانیان لە پیشانگا خاوێن دەکرێنەوە و کەتەلۆگ دەکرێن و بە چوار زمانی سریانی و کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی زانیاریی پێویستیان لەگەڵ دادەندرێت.



بنیامین حەدداد بە ووردی سەیری دەستنووسە سریانییەکانی ناو موزەخانەی سریانی دەکات (وێنە: بیکەم ئەکبەرزادە/ راگەیاندنی یونامی)

هەر چەند کاتژمێرێك دوای کردنەوەی مۆزەخانەکە و بە ئیلهامی ئەو کردنەوەیە، ٦ کەسی تر چەند پارچەیەکی تریان بە مۆزەخانەکە بەخشی. بەڕێز فاوق حەننا بە روویەکی گەشی پڕ خەندەوە وتی ”ئەمە نیشانەیە کە کەوتووینەتە سەر راستەڕێی ژیاندنەوەی کلتور و کەلەپوری خۆمان!“

(حەبیب)یش بە تەواوکردنی گەشتەکەی بەناو مۆزەخانە هەر ئەو رایەی دەردەبڕی. ئەو پێی وابوو رابردوویەکی شکۆداری نیمچە لەبیرکراو وا لەم مۆزەخانەیە زیندوو دەبێتەوە و ئومێدێکی گەشیش لە ئاسۆدایە.

## کەلەپوری کلتوری

# بۆ پاراستنی کەلەپوری کلتوریی عیراق بۆ نەوەی ئایندە: یەکەم کۆبوونەوەی ICC لە عیراق سازکرا

نوسینی: جۆرج پاپاگیانس، یۆنسکۆ – عیراق



کردنەوەی پێنجەمین دانیشتنی پرئەندامی ”لیژنەی جهیانی هەماهەنگسازی“ی عیراقی کە بۆیەکەمجارە لە عیراق رێکبخرێت (وێنە: یونیسکۆ)

بە پشتگیریی رێکخراوی یۆنسکۆ و شارەزا نێودەوڵەتییەکان، بەرپرسانی عیراقی هەنگاوی گرنگیان نا بەرەو مامەڵەکردن لەگەڵ مەترسییەکانی سەر کەلەپووری کلتووری نەتەوەیی لە پێنجەمین کۆبوونەوەی لیژنەی هەماهەنگیی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی کەلەپووری کلتووری عیراقی ناسراو بە ICC. کۆبوونەوەکە بۆ یەکەمین جار لە عیراق لە ٣ و ٤ی نیسان سازکرا و بووە هۆی دەرچوونی لیستێك لە راسپاردە دەستنیشانکراوەکان کە بۆ پاراستنی کەلەپووری کلتووریی عیراق بۆ نەوەکانی ئایندە.

وەك شایەدی بۆ گرنگیی ICC، خاتوونی یەکەمی عیراق بەڕێز هێرۆ خان ووتارێکی پێشکەش بە بەشداربووانی کۆبوونەوەکە کرد و ناڕەزایی دەربڕی سەبارەت بە ئەگەری لەدەست چوونی کەلەپوور لە زۆنگاوەکانی باشووری عیراق کە خەریکبوو بە هۆی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو تێکڕای کلتوورەکەی بفەوتێ.

یارمەتیدەری بەڕێوەبەری گشتیی رێکخراوی یۆنسکۆ بەڕێز فرانسیسکۆ باندارین ئامادەی کۆبوونەوەکەی بوو و وتی“پێویستە ئاوەدانکردنەوە و

پەرەپێدانی ئاییندەی عیراق لە چوارچێوەیێك ئەنجام بدرێن و کلتووریش ئەو چوارچێوەیەیە. کەلەپوورەکەمان پێمان دەڵێت ئێمە لە چ شوێنێك بووین و رێگامان رووناك دەکاتەوە بۆ هەوڵ و کۆششەکانی دوارۆژمان".

راسپاردەکان سیاسەت و بوار و کاری جێبەجێکردنی دیاریکراویان لە خۆگرتبوو کە پێویستە جێبەجێبکرێن بۆ قەدەغەکردنی زیاتر لەدەست چوون لە کەلەپووری عیراقی، ئەمەش راستییەکە کە بە سۆزەوە لە لایەن راوێژکاریی وەزارەتی گەشت و گوزار و کەلەپوورە کۆنەکان بەڕێز بەها مەیاح تیشکی خرایە سەر.

بەڕێوەبەری رێکخراوی یۆنسکۆ، نووسینگەی عیراق بەڕێز مەحمەد جەلید وتی "ئەم کۆبوونەوەیە دوو ئامانجی سەرەکیی هەبوو لەپێناو یەك مەبەست." هەروەها وتی "دروستکردنی میکانیزمی کارێکی چەسپاو کە رێگە بە باشترین شارەزا نێودەوڵەتییەکان دەدات بۆ ئەوەی بەشدار بن لەگەڵ هاوبەشە عیراقییەکانیان یەکێك لە ئامانجەکان بوو و، دیاریکردنی ئەم کارانەی پێویستە ئەنجام بدرێن بۆ پاراستن و پێشخستنی کەلەپووری کلتووریی عیراقی ئامانجێکی تر بوو. ئەم هەموو ئامانجانە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە نەوەکانی دوارۆژ بتوانن لە وانە بەهاکان فێر بن کە بەکەم جار لە خەڵکی ئەم شوێنانەوە سەری هەڵداوە".

راسپاردە سەرەکییەکان ئەمانەی خوارەوەیان لە خۆ گۆتبوو:

• هاوکاریکردن لەگەڵ شارەزا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئامادەکردنی و ماستەرپلانی بەڕێوەبردنی زۆنگاوەکان بەهۆی ئەگەری دروستبوونی شوێنێك لە تێکەڵاویی کلتوری و کەلەپوری سروشتی بە پێی پرۆسەی بەردەوامی ناودێرکردنی بە "لیستی کەلەپوری جیهانی"

• فراوانکردنی ماستەر پلانی پاراستنی قەڵاتی هەولێر بۆ پلانێکی بەڕێوەبردنی گشتگر لە چوارچێوەی شاریی فراوانتری قەڵات

• دانانی ماستەرپلانی مۆزەخانەی بابل کە بڕیارە لە کۆشکی سەرۆکایەتیی پێشوو دروستبکرێت لەسەر شێوازی گشتگری پرۆژەکانی مۆزەخانەی بەسرە و سولەیمانی کە رۆڵی پشتگیری و بەهێز لە خۆ دەگرێت بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

ئەم پێنجەمین کۆبوونەوەی فراوانەی ICC یەکەم جارە لە خاکی عیراقی دەبەستریّ، و ئەندامانی ICC بێئاگا نەبوون لە رەمزیبوونی کۆبوونەوەکە و بە گواستنەوەیەکی گرنگیان دانا بۆ خاوەنداریێتی راست و تەواوی عیراقی تایبەت بەم دەستە لێکۆڵینەوەیە. بڕیارە کۆبوونەوەی تەکنیکیی ئایندەی ICC لە بەغدا سازبکرێت و کۆبوونەوە سیاسییەکەی تر لە نەجەف سازبکرێت بەهۆی ئاهەنگگێڕانی نەجەف کە لە ساڵی ٢٠١٢ وەك پایتەختی کلتووریی ئیسلامی دادەنرێت.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە خاتوو تامارا تێنیشڤیل، شارەزای بەرنامە، بەشی کلتوور لە رێکخراوی یۆنسکۆ/عیراق:

ئیمێڵ: t.teneishvili@unesco.org

ژمارەی تەلەفۆن: +962 (6) 590 2340

پەرەپێـــــــدان

# کۆنفرانسی لاوانی عیراقی دەنگ و بیرو ڕای لاوان دەگەیەنێت

نوسینی: ستافی UNDPی عێراق



بەشداربووانی "کۆنفرانسی گەنجی عیراق" بە یەکەوە وێنەیەك دەگرن(وێنە: ماجیك کارپیت / کەناڵی تەلەفزیۆنی سپێس توون)

بارودۆخی عیراق لەم چەند ساڵەی رابردوودا بە گۆڕانکارییە داینامیکیەکان و هەوڵە پۆزیتیڤەکان بەرەو ئاشتبوونەوە و بووژاندنەوەی ئابووری دەناسرێت. هەرچەندە گرفتە گەورەکان لە نێو پەرەپێدان و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی ماون کە دەبنە هۆی نادڵنیایەکی قووڵ لە ئایندەی وڵاتەکە. وەك لە زۆر چوارچێوەکانی دوای ناکۆکی، کەمیی بۆچوون لەسەر هەلەکان کە دەکرێت وڵات پێشکەش بە گەلی خۆی بکات یەکێك بوو لە کۆسپە هەرە گەورەکانی بەردەم پرۆسەی بووژاندنەوە لە عیراق. ئەمە بە تایبەتی شتێکی راستە بۆ لاوانی عیراق کە بە توندی کاریان لێکراوە. زۆر لە لاوان نائومێدن و هیوایان بە ئایندە نیە و هەست دەکەن شکستییان هێنا لە توانا دیاریکراوەکانیان بۆ بەشداریکردن لە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری.

لەم کاتە گرنگەی مێژووی عیراق، کە هێزەکانی یەکگرتن و بەشداریکردن هێشتا لە بواری دروستکردندان، زۆر لە لاوان سەریان لێشێواوە. لەگەڵ ئەوەشدا لاوان بە گەورەترین بەش لە دانیشتووانانی عیارق دادەنرێن. عیراق یەکێکە لەم وڵاتانەی کە بە زۆرترین رێژەی لاوان لە جیهاندا دادەنرێت کە نیوەی دانیشتووانانی لە ژێر تەمەنی ١٩ ساڵیدان، لەبەر ئەوە لاوان بە گەورەترین سەرچاوەی مرۆیی دادەنرێن. ژمێرناسیی نیشتیمانی پیشان دەدات کە عیراق لە پرۆسەی پێشکەوتن دایە بەرەو "دیاریی دیمۆگرافی"، واتە ئەو رەوشە پەسەندەی کە تێیدا رێژەی منداڵان وبەساڵاچووان لە



کۆنفرانسەکە حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بەیەکەوە کۆکردەوە بۆ گوێگرتن و تاوتوێکردنی ئەو گرفتانەی تووشی گەنجی عیراق دەبن(وێنە: کەناڵی تەلەفزیۆنی سپێس توون)

بەرامبەر دانیشتووانی کارکەر کەم دەبێتەوە.

بۆ کەمکردنەوەی سوود و چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکانی لاوان، سیاسەتمەدارانی عیراقی گرنگی بە ئامادەکردنی ستراتیژییە کاریگەرەکان دەدەن بۆ لەخۆگرتنی کێشەکانی لاوان لەگەڵ بەرنامیە کاری پەرەپێدانی نیشتیمانی. ئاژانسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عیراق وەك بەرنامەی پەرەپێدانی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان (UNDP) و سندوقینەتەوەیەکگرتووەکا بۆ دانیشتووان (UNPF) پشتگیریی ئەم هەوڵانە دەکەن بە دان پیانانی رۆڵی لاوان و بەشداربوونیان لە پرۆسەی پەرەپێدانیی بەردەوام. ئەم هەوڵانە بەگوێرەی دەستپێشخەرییەکانی کۆمەڵگەی نێەدەوڵەتین و لە کاتی خۆیدایە وەك چۆن نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٢ی ئابی ٢٠١٠ دەستیکرد بە هەڵمەتی ”ساڵی نێودەوڵەتیی لاوان“ لەگەڵ چالاکییەکان و بۆنەکانی سەرتاسەری جیهان تاکو ١٢ی ئابی ٢٠١١.

لەم چوارچێوەیەدا، لەژێر ئامانجە ستراتیژییەکان دیاریکراون بە ناوی ”پلانی پەرەپێدانی نیشتیمانیی عیراق“ بۆ ٢٠١٠ – ٢٠١٤ ، هاوبەشە عیراقییەکان لە حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی بە هاوبەشی لەگەڵ UNDP لە ٣٠ی نیسان لە بەغدا لە ساڵۆنی رۆشنبیری و وێژەییی سەفییە ئەسوهێل کۆنفرانسی لاوانی نیشتیمانییان سازکرد. ئەم بۆنەیە سرنجی ٥٠٠ لاو لە ئافرەتان و پیاوان راکێشا کە لە رێگەی زانکۆکان و رێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵەکانی رۆشنبیری و پرۆفیشناڵی سەرتاسەری وڵات هەڵبژێردران.

دابین کردنی پلاتفۆرمێك بۆ لاوان بۆ ئەوەی دەنگیان ببیسترێ و کردنەوەی گفتوگۆ لەگەڵ هاوبەشەکانیان لەسەر کێشە گرنگەکان کە لە ستراتیژیای لاوانی نیشتیمانی ئاماژەی پێکرابوو وەك کارکردن و گەیاندن بە خزمەتگوزارییەکان و بەشداریکردن لە فەرمانڕەوایی ئامانجی کۆنفرانسی لاوانی نیشتیمانی بوو. هەروەها دەستکردن بە پرۆسەی راوێژکاری لە راپۆرتی پەرەپێدانی مرۆیی نیشتیمانیی عیراقی کە پێشنیاز دەکات گرنگی بدرێتە کێشەی لاوان وەك بابەتی سەرەکی ئامانجی تری کۆنفرانسەکە بوو.

کۆنفرانسی لاوان وەك کۆڕی راوێژکاریی کراوە بوو و بەشداربووان گوێیان گرت لە باسی تایبەتی و کەسیی لاوان و شارەزا گشتییەکانیان و خەمەکانیان و خواستییان و پێشنیازەکانیان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی دوارۆژ. هەروەها کۆنفرانسەکە هەلی بێ هاوتای دابین کرد بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسە پەیوەندارەکان لەسەر چۆنێتی وەڵامدانەوەی ئەم پێداویستیانە بەبەکارهێنانی ئامێرە دەستکەوتووەکان وەك پلانی پەرەپێدانی نیشتیمانیی حکومەت کە شیکردنەوە و راپۆرتی شوێنییە لا لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ئامادەکراوە.



خەڵکی گەنج لەسەرتاسەری عیراق هەلی ئامادەبوونیان لە کۆنفرانسەکە دەقۆزنەوە بۆ ئەوەی دەنگیان ببیسترێت (وێنە: ماجیك کارپیت / کەناڵی تەلەفزیۆنی سپێس توون)

بەشداربووانی لاو چالاك و سوودبەخش بوون لە گفتوگۆکانیان کە سرنجی ئامادەبووانیان راکێشا. ئەوان تەئکیدیان لەسەر ئارەزوو بە هێز و هاوبەشەکانیان کرد بۆ ئەوەی رۆڵی کاریگەریان هەبێت لە پشتگیریکردنی پرۆسەی پێشکەوتنی دیموکراسیەت.

ئەمەش رێی لە باسکردنی کێشە گرنگەکان نە گرت وەك پرسی دەستبەجێ دەربارەی کەمیی پێشکەوتن لە دەستپێکردنەوەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە سەرەکییە گونجاوەکان و کێشە بەپەلەکانی تر لە عیراق. گرژە چاوەڕوانەکان لەسەر ئەم کێشەیە بە شێوەیەکی گونجاو و ئارام بە گیانی پۆزەتیڤ کە لە هەموو شوێنەکە بڵاوبووبەوە چارەسەرکران.

کۆڕەکە روانینێکی دەگمەن و دەستبەجێ بۆ ناو جیهانی لاوان و تواناکانیان لە عیراق پێشکەش کرد و، سەرکەوتوو بوو لە بەرزکردنەوەی هۆشیاریی زیاتر دەربارەی پرسەکانی پەرەپێدان تایبەت بە لاوان. گفتوگۆ فراوانەکان بوونە هۆی دیاریکردنی ٣١ راسپاردە بۆ پشتگیریکردنی پێکهێنان و جێبەجێکردنی ستراتیژیەکی گشتگر و فراوان بۆ دڵنیاکردنی ئایندەیەك کە دەسکەوتی ئارامی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی هەبێت بۆ لاوان لە رێگەی هەوڵە هاوبەشەکانی وڵات و کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی.

چەند وەزیرێك و پەرلەمانتار و گەورە بەرپرسانی حکومەت بەشدارییان لە کۆنفرانسەکە کرد وەك نوێنەری سەرۆکی عیراق عەبدولەتیف رەشید و وەزیری فێرکردن مەحەمەد تەمیم ئەلجبووری و وەزیری کارو کارەبارە کۆمەڵایەتییەکان نەسسار ئەلروبەیعی و وەزیری کاروباری ئافرەتان بوشرا زووەینی.

بەشداریکردنی سەرۆکی لیژنەی لاوان و وەرزش لە ئەنجومەنی نوێنەران سەعید خۆشناو و سەرۆکی لیژنەی مافەکانی مرۆڤ سەلیم ئەلجبووری بەگکەیەکی تر بوو بۆ گرنگیی کۆنفرانسی لاوان. هەوەها سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان مەحەمەد بەندەر و سەرۆکی هەواڵگری عیراقی زوهەیر ئەلگرەیباوی و راوێژکاری ئەمنی نیشتیمانی فالح ئەلفەییاز و ژمارەیەکی زۆری لە نوێنەرانی نێردە دیپلۆماتییەکان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئامادەی کۆنفرانسەکە بوون.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە شارەزای پەرەپێدانی ئابووری ئاروونا رۆشانیان، UNDP/ عیراق

ژمارەی تەلەفۆن: 5608330 6 962+

ext. 433

ئیمێڵ: arouna.roshanian@undp.org

# بەربەرەکانی ئافرەتێك لەگەڵ نەخۆشی سیل: بەرهەڵستی کردنی نەزانین و نیشانەی نەخۆشی

نوسینی : روبا حیکمەت، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی /عیراق



دمووع عەلی و کچە چوار ساڵییەکەی ، عەبیر، لە یەکێك لە بنکە تەندروستییەکانی بەغداد (وێنە: سەمیر ئەلخەلیفی )

دمووع علی ژنێکی عیراقیی تەمەن ٢٣ ساڵەی خەڵکی شاری بەغدایە و خاوەنی دوو منداڵە. بەمدواییە ژیانی ئارامیی ئەم ژنە بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕا بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشی سیل (TB)ەوە چونکە پێی وابوو ئەم نەخۆشییە نەماوە. ئەم ژنە بە تەواوی سەرسام بوو تەنانەت نەیدەتوانی هەناسەش بکێشی. ئەوەی کە زیاتر دۆخی دمووعی خراپتر کرد ئەوەی بوو کە کاتێك بۆی دەرکەوت کچە چوار ساڵییەکەشی بە ناوی عەبیر تووشی ئەم نەخۆشییە بووە.

دمووع بە دەنگێکی کزەڵۆکەوە وتی ”شتێکی یەکجار ناخۆش و پڕ ئازار بوو کە ببینم کچەکەم بەدەست ئەم نەخۆشییەوە دەناڵێنێت و زۆر جاریش من ئۆباڵەکەی دەخەمە ئەستۆی خۆمەوە کە زانیاری تەواوم لەسەر نەخۆشیی سیل نەبووە.“

ئازارەکانی دمووع هەر لەوەندە نەوەستان بەڵکو سەرزەنشتکردن و وازلێهێنان و و نیشانەکانی نەخۆشی زۆر بەزەقی دیار بوون. کە مێردەکەی دمووع بەم نەخۆشییەی زانی ئەوە یەکسەر ژنەکە و کچەکەی لە ترسی گرتنەوە جێهێشت و بگرە هەتتا تەواوی خێزانی دمووع هەمان ڕەفتاریان نواند و بەمەش ئەم ژنە گەنجە و کچەکەیان لە جیاکردنەوە و بێهیواییدا جێهێشت.

بەباسکردنی ئەو ئازار و نادڵنیاییەی دەکرد کە ڕۆژانە هەیبووە تاو ئەو کاتەی هیوایەکی بۆ دروست بوو، دمووع وتی ”من هەمان هەڵسوکەوتم کرد کە هەر دایکێك لە کاتی تووشبوونی بە دۆخێکی ئەوهادا دەیکات. لەو کاتەی کە من خۆم هەوڵم دەدا لەگەڵ نەخۆشییەکەی خۆم هەڵبکەم کەچی هەموو توانای خۆشم بۆ چاودێریکردنی کچەکەم بەکاردەهێنا. جاری وا هەبووە کە بەراستی ئازارە دەروونی و جەستەییەکان ئی بەرگەگرتن نەبوون”.

تەنها ئەو کاتە دمووع هیوای چاکبوونەوەی تەواوی بۆ دروست بوو کە ئەو لە سەکۆیکارێك لە سەنتەرێکی تەندروستیی سەرەتایی لە قەزای کازمییە بەشداری کرد کە بۆ خستنە گەڕی کۆمەڵگە لەلایەن نووسینگەی عیراقی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ، بە هاوبەشکاریی ”کۆمەڵەی عیراقی بۆ بەگژاچوونەوەی نەخۆشی سیل“ەوە ڕێکخرابوو بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی خەڵکی عراق دەربارەی هەموو لایەنەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردنی نەخۆشیی سیل وەك چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی نەخۆشییەکە.

ئەم ژنە گەنجە ئەوەی زانی کە کە نەخۆشی سیل نەخۆشییەکی درێژخایەنە و بە هۆی بەکتیریای سیلی مایکۆباکتیریامەوە دروست دەبێت بە هۆی پەیوەندیکردنی نزیکیشەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگوازرێتەوە، و بۆی دەرکەوت کە ئەگەر کەسێك هەڵگری ئەم ڤایرۆسە بێت و بە بەردەوامی لەگەڵ خێزانەکەیدا لە هەمان شوێن بژیات و چارەسەری گونجاوی بۆ نەکرێت ئەوا تەواوی ئەندامانی خێزانەکەی مەترسی گرتنەوەیان لەسەرە بۆیە پێویستە ئاگاداری خۆیان بن و بەمەبەستی پشکنینی پێست سەردانی پزیشك بکەن.

لە میانەی سەکۆیکارەکەدا ، دمووع ئەوەی زانی کەوا ئەو نەخۆشانەی چارەسەری تەواو وەردەگرن ،وەك ڤاکسینی باسیڵ کالمیت، دەرفەتی باشیان چاکبوونی تەواویان هەیە. بە خواستنی هیوای تەندروستی باش و ئایندەیەکی باشتر بۆ خۆی و کچەکەی، ئەو دەستی بە وەرگرتنی دەرمانی سیل کرد، کە بە خۆڕایی درایە هەموو تووشبووانی نەخۆشی سیل.

لەو کاتەی دەرمان وەرگرتن بووە هۆی چاکبوونەوەی خۆی و کچەکەی ، دمووع وەك داکۆکیارێك لە تەندروستی و مافەکانی ئافرەتان لە گەڵ ڕێکخراوێکی ناحکومی دەستی بەکار کرد و بەم کارەش توانی چاودێری ئەو خێزانە بکات کە باوکەکە بۆ هەتاهەتایە وازی لێ هێنابوون.

دمووع و عەبیر لە نەخۆشییەکەیان چاکبوونەوە چونکە دایکەکە خۆشبەختانە لە کاتی خۆیدا پشکنینی پزیشکی بۆ کرا و سوودیشی لە بەرنامەی بەگەڕخستنی کۆمەڵگا وەرگرت.

بە هاوکاریکردن لەگەڵ بەرنامەی سیلی نیشتیمانی، وەزارەتی تەندروستی و، WHO و هاوبەشەکانی تر و IATA ناوبەناو چالاکی لەمجۆرە ئەنجامدەدەن بە مەبەستی گەیشتنیان بەو کەسانەی کە لە بارێکی خراپدان و هەروەها بۆ فێرکردنی ئافرەت و منداڵی عیراقی دەربارەی خۆپاراستن لە نەخۆشی سیل و چارەسەرکردنی و چۆنییەتی وەستان بەرووی نیشانەکان و ئەو جیاوازە ڕەگەزپەرستییانەی کە تەواوی کۆمەڵگای گرتووەتەوە.

نەخۆشی سیل بە گەورەترین کێشەی تەندروستیی گشتی لە عیراق دادەنرێت کە ٤٤ەمین وڵاتە لە کۆی ٢١٢ بەگوێرەی حاڵەتە خەملێندراوەکان لەسەر ئاستی جیهانیدا. عیراق یەکێکە لەم نۆ وڵاتەی کە بە هەڵگری ئاست بەرزی ئەم ڤایرۆسە دادەنرێت لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپیی ناوەڕاست کە ڕێژەی گشتیی حاڵەتەکانی دەگاتە ٣٪. لە عیراقدا ڕێژەی خەملێنراوی تووشبوان بە سیل ١٦٠٠٠ کە تەنها ٧٢٠٠ یان هەڵگری ڤایرۆسەکەن. هەروەها ڕێژەی خەملێنراوی ساڵانەی مردن بەهۆی نەخووشی سیلەوە لە ٣٠٠٠ زیاترە.

دابینکردنی دارایی لە ڕێگەی خولی ٦ی بەخشینەوە شەشەمیی فەندی جیهانی بۆ بەرهەڵستکردنی نەخۆشییەکانی ئایدز و سیل و مەلاریا هۆکارێك بوو بۆ باشترکردنی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ پێشکەشکردنی چارەسەرکردنی جۆری و دەستبەجێ و بەرچاو لە نەخۆشی سیل بۆ دانیشتوانانی کەمدەرامەت و

فراوانکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە بۆ لەخۆگرتنی سێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عیراقیش، و زیادکردنی توانای بەڕێوەبردنی بەرنامەی نیشتیمانی بۆ بەرهەڵستیکردنی نەخۆشی سیل.

بەهەر حاڵ، سەرەڕای زیادبونی ڕێژەی دەستنیشانکردن، تەواوی ڕێژەکە لە ٥٠٪ کەمترە و زیادبوونەکەشی (لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٨) ئەوەندە خێرا نیە کە بتوانێت دەسکەوتی لەکاتیخۆیدای ئامانجە جیهانییەکان مسۆگەر بکات. تاقیگە و تۆڕی چارەسەرکردن زۆر نیە. و دانیشتووانی کەمدەرامەت وەك زیندانییەکان و ئاوارە ناوخۆییەکان و دانیشتووانانی زۆنگاوەکان و خێزانەکان و ئەو کەسانەی کە پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ تووشبووانی نەخۆشیی سیل هەیە بە بەتەواوی چارەسەر نەکراوون.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە کارمەندی پزیشکی سڤیل حوسینۆڤا، WHO – عیراق: Husynovas@irq.emro.who.int

یاخود بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمەڵەی عیراقی دژی نەخۆشیی سیل و نەخۆشییەکانی سی پرۆفیسۆر سامر کازم یوسف ئەلحیلفی: +9647703459903; thamer_sindibaad@yahoo.com

**پەروەردە**

# یەکەم دابەشکردنی ژەمەخۆراکی قوتابخانە لە عیراق

نوسینی: کارۆلاین لیگرۆس / ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی/عیراق



دابەشکردنی پسکیتی هەمەخۆراکی بۆ منداڵانی عیراق (وێنە: ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی )

ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی پاڵپشتی لە "بەرنامەی نیشتمانیی خۆراکی قوتابخانەی وەزارەتی تەندروستی عیراق" دەکات کە بۆ هاندانی منداڵان لەسەر خوێندن و کەمکردنەوەی وازهێنان لە قۆناغی سەرەتایی لە عیراق دانراوە. لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە باشکردنی خۆراك دەتوانێت گوێگرتن و وشیاری قوتابی زیاد بکات و هەلی گەشەکردنی کەسیشیان بەهێز بکات و ئەمەش دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی هەژاریی خانەوادە و کۆمەڵگا و وڵاتەکەیان.

ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، لەبەر گرنگی خۆراکی قوتابخانە، بڕیاری جێبەجێکردنی "بەرنامەی نیشتمانیی خۆراکی قوتابخانەی"دا و، بۆ ئەم مەبەستەش داوای لە ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی کرد یارمەتیی بدات لە بەدرێژخایەنکردنی ئەو بەرنامە راگوزارییە، کە سەرچاوە و سەرپەرشتیکردن و خاوەندارییەتەکەی نیشتمانین.

یەکەم دابەشکردنی "خۆراکی قوتابخانە" لە عیراق ئێستا لە جێبەجێکردندایە. پسکیتی پڕلەخۆراك لە ٢٣ی نیسان گەیشتە قوتابخانەکانی کفری لە ارێزگای سلێمانی. بە گوێرەی "هەڵسەنگاندنی گشتگری ئاسایشی خۆراك و بێدەرامەتی"ی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی و حکومەتی عیراقیش، کفری یەکێکە لە هەرە بێدەرامەتترین ناوچەکانی عیراق بەو پێیەی ژمارەیەك زۆری خانەوادەکانی ئەو دەڤەرە لەلایەن رەگەزی مێینەوە بەڕێوەدەبرێن و جگە لەو زیانەش کە وشکەساڵییەی ئەمدواییە لێیدا و لە ئەنجامدا بووتە یەکێکە لەو ٢٤ قەزا بێدەرامەتەی کە ئەم بەرنامە دەیانگرێتەوە.

خۆراکی قوتابخانە بەشێکی دانەبڕاوە لە تۆڕی سیستەمی یەکگرتووی سەلامەتیی کۆمەڵایەتی بۆ عیراقدا. ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی خۆی بە بەختیار دەزانێت لەوەی کە حکومەتی عیراق، بە تەرخانکردنی بەخشندەییانەی ١٧ ملیۆن دولار بۆ ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی بۆ جێبەجێکردنی سەرەتایی، خاوەنداریی چالاکییەکانی خۆراکی قوتابخانە دەکات.

ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی یارمەتیی وەزارەتی پەروەردە دەدات لەسەر ستراتیژی گواستنەوەی قۆناغی وا کە بتوانێت بۆ خۆراکی قوتابخانە ببێتە بناغەیەك بۆ ستراتیژی نیشتمانی کە دادێت. ئەمەش توانای حکومەت لەسەر رەنگڕێژکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەی هاوشێوەی تەریب لەگەڵ پێوەرە جیهانییەکانی خۆراکی باشی قوتابخانە بەهێزدەکات.

بەرنامەی ژەمی قوتابخانەی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی کار دەکات بۆ بەدەستهێنانی "ئامانجەکانی گەشەپێدانی هەزارە". بەرنامەکانیش راستەوخۆ لە کەمکردنەوە هەژاری بۆ نیوە و بەدەستهێنانی پەروەردەی سەرەتایی جیهانیی و ئامانجەکانی یەکسانیی رەگەزی لە فێرکردن بەهاتنی ساڵی ٢٠١٥ بەشدار دەبن.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە خاتو مانوێلا رێنفیڵد:
Manuela.Reinfeld@wfp.org

## هەڵسەنگاندنی سیستەمی تۆمارکردنی مەدەنیی عیراقی

نووسینی: د. لوئەی شابانەن گەورە راوێژکاری تەکنیکیی لە رێکخراوی "سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان

وەك بەشێك لە جێبەجێکردنی "بەرنامەی تازەباوکردنی کەرتی گشتیی عیراق"، کە دەستپێشخەرییەکی فرەئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکانە،"سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان" (UNFPA ) لە ٦ تا ١٦ی نیسان چاوپێداخشاندنەوەیەکی کارای بۆ سیستەمی تومارکردنی مەدەنیی عیراقی لە بەغداد و هەولێر ئەنجامدا.

نێردەکە لە لایەن "پەیمانگای عەرەبی بۆ راهێنان و توێژینەوە لە ئامارەکان"، کە لە عەممان جێگیرە، ئاسانکاری بۆ کرابوو و لەلایەن شارەزایەکی هەرێمی ئەم بابەتەشەوە ئەنجامداربوو کە سەردانی دەزگاکانی پەیوەست بە تۆمارکردنی مەدەنی لە حکومەتی ناوەندی و هەرێمی کوردستان لە بەغداد و هەولێر کردبوو بۆ هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی سیستەمی تۆمارکردنی مەدەنی بەتایبەتیش ئەوەی پەیوندی بە بوون و مردن و هاوسەرگیری و لێکجیابوونەوە هەیە.

ئەو دەزگا عیراقییانەی ئەم نێردەیە سەردانی کردبوون بریتی بوون لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی تۆمارکردنی مەدەنی لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و تەندروستی و دەسەڵاتە دادییە پەیوەندارەکانی بەغداد و هەولێر لەگەڵ رێکخراوای ئاماری ناوەندی و فەرمانگەی ئاماری هەرێمی کوردستان.

لەماوەی ئەم نێردە دەرۆژییەشدا، شارەزایەکە گەیشتە تۆمار و داتابێسەکان کە بەهۆیانەوە توانی یەکەم رەشنووسە راپۆرتی خۆی پێشکەش بکات کە بریتی بوو لە هەڵسەنگاندنی دۆخی ئێستای سیستەمی تۆمارکردنی مەدەنی بە کەموکوڕی و پێشینەکاری باشکردنەکەشەوە بەمەبەستی بەهێزکردنی تەواوی ئەدایەکەی. راپۆرتەکەش لە لایەن راوێژکارانی "سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان"ی عیراقەوە پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت و دواتریش لەلایەن هاوتا خۆماڵییە پەیوەندارەکانەوە بەمەبەستی پەسندکردن تاوتوێ دەکرێت.

لە رێگەی ئەم بەرنامە پتەوەی "تازەباوکردنی کەرتی گشتی"شەوە، کە لەلایەن رێکخراوی (UNDP)یەوە هەماهەنگی بۆکرابوو، چەندان ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەشدار دەبن لە دروستکردنی کەرتە گشتییەکی وا کە بتوانێت خزمەتی زۆرباش و یەکسان پێشکەش بکات بەتایبەتیش لە بوارەکانی پەروەردە و ئاو و ئاوەڕۆ و تەندروستیدا.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە گەورە راوێژکاری تەکنیکیی لە رێکخراوی "سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان"ی عیراق د. لوئەی شابانە بە ئیمێلی shabaneh@unfpa.org

فریاگوزاری

## رێکخراوی کۆچی جیهانی بەردەوام دەبێت لە یارمەتیدانی خێزانە زیانلێکەوتووەکانی لافاو لە عیراق

نووسینی : کۆرتنی وێبستەر لە رێکخراوی کۆچی جیهانی/عیراق



یارمەتییەکانی ”رێکخراوی کۆچی جیهانی ” دەگاتە ئەو ناوچانەی تووشی لافاو بوون (وێنە: رێکخراوی کۆچی جیهانی )

ئەو بایە بەهێزەی کە لە ناوەڕاستی مانگی نیسان ناوەند و باکووری عیراقی گرتەوە بووە هۆی دروستبوونی لافاوێکی گەورە و وێرانکردنی ماڵی سەدان خێزان. بە تایبەتیش شاری رەواندز و شارەدێی (وەرتێ) لە پارێزگای هەولێر لە ئەنجامی باووبۆرانێکی بەهێز لە ٢٢ی نیسان و دواییش روودانی لافاو ، کە بەشێکی زۆری پارێزگای هەولێری گرتەوە، زیانیان بەرکەوت.

”رێخکراوی کۆچی جیهانی“ هەرزوو بەهانای ئەم شوێنانەوە چوو هەروەك چۆن پێشتریش کارمەندێکی مەیدانی چاودێری ئەو بارودۆخەکەی دەکرد کە لافاوەکان دروستیان کردبوو. بەم شێوەیەش، هەموویان بەچاکی ئامادە بوون بۆ هەڵسەنگاندنی خێرای زیان و پێویستییەکانی قوربانییەکانی لافاوەکان. ”رێخکراوی کۆچی جیهانی“ لەگەڵ ”خانەی بەهاناوەچوونی کتوپڕی پاریزگا“ و قایمقامی شارەدێی رەواندز و شارۆچکەی وەرتێ، گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ٢١ خێزان لە رەواندز و وەرتێ بەڕاستی پێویستیان بە یارمەتیی مرۆیی دەستبەجێ هەیە بۆ یارمەتیدانیان بۆ خۆگرتنەوە دوای ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی باووبۆرانەکە لێیان کەوتبوو.

”رێخکراوی کۆچی جیهانی“، بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی یونیسێف و کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران، هەر یەکسەر لە رۆژی ٢٦ی نیسان کەوتە گەیاندنی پێویستییەکان و دابەشکردنی یارمەتی بەسەر ئەو ٢١ خێزانە. خێزانەکەکان لە کۆگای کتۆپڕی ”رێخکراوی کۆچی جیهانی“ سیسەم و سەرین و کەلوپەلی پلاستیکی و سۆبەی گازیان وەرگرت. لەلایەکی ترەوە، رێکخراوی (یونیسێف)یش، وەك بەشێك لە هەماهەنگییکەی لەگەڵ ”رێخکراو کۆچی جیهانی“دا، کەرەسەی خاوێنڕاگرتنی دابەش

کرد. ئەم کەلوپەلانەش دەبنە مایەی سووککردنی کاریگەرییە ناخۆشییەکانی لافاوەکە و بەچاکیش لە گۆڕینی چونیەتی ژیانی خێزانە بەرکەوتووەکاندا بەشدار دەبن کاتێك کە دەیانەوێت کۆمەڵگا و خانووە وێرانبووەکانیان سەرلەنوێ دروست بکەنەوە.

دابەشکردنەش بە ئامادەبوونی نوێنەرانی راگەیاندنی ناوخۆیی و قایمقامی رەواندز ئەنجامدرا وێڕای یارمەتی خۆبەخشانەی خەڵکێکی زۆری ناوچەکەش لەم دابەشکردنەدا کە ئەمەش لەسەرکەوتنی تەواو و کاریگەریی ئەو هەوڵەدا دەوری هەبوو.

بە سوودبینین لە دابەشکردنی کتوپڕی "رێکخراوی کۆچی جیهانی"، کە لە لەلایەن نووسینگەی یارمەتی کارەساتی بیانیی (OFDA )ی سەر بە رێکخراوی (USAID )ەوە دابینکرابوو، "رێکخراوی کۆچی جیهانی" هەر لە دۆخی ئامادەباشیدا دەمێنێتەوە بۆ بەهانەوەچوونی پێویستییەکانی خەڵکی کەمدەرامەت لە کاتی روودانی لافاودا.

"رێکخراوی کۆچی جیهانی"، وەك ئەندامێکی "تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق"، لە نزیکەوە لەگەڵ سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتدارانی عیراقی کار دەکات بۆ پشتگیریکردنی "پلانی ٢٠١٠-٢٠١٤ی گەشەپێدانی نیشتمانی" و لەگەڵ گشت کەرتەکانی ئەنجامی "پێکهاتەی هەماهەنگیی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق"یش ئاوێتە بووە.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە بێرترام چامبێرز: bchambers@iom.int

## کورتەی هەواڵەکان

### (میکانیزمی راوێژی بەردەوام) بە سەرپەرشتیی یونامی کۆ دەبێتەوە

لە ٢٥ی نیسانی ٢٠١١ و بە سەرپەرشتیی (یونامی)، کۆبوونەوەیەك لە چوارچێوەی "میکانیزمی راوێژی بەردەوام" لە بەغداد ئەنجامدرا بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی بڕیارێك سەبارەت بە بابەتی "سنوورە ناوخۆییە کێشەلەسەرکان". ئەم کۆبوونەوەیە بۆ کەرکوك تەرخانکرابوو لەگەڵ بایەخێکی تایبەتیش بەو هەلومەرجانەی کە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان پێویستن.

لە گفتوگۆکانیاندا، لایەنەکان جەختیان لە گرنگی بەشداربوونی ناوخۆیی کردەوە و لەسەر ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی فراوانیش لە چەند هەفتەی دادێت، بە بەشداربوونی پەیوەندارانی کەرکوك، رێککەوتن بۆ دەستکردن بە تاوتوێکردنی پرسە هەڵپەسێردراوەکان.

کۆبوونەوەکە لەلایەن نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق ئاد مێلکەرتەوە ئاسانکاری بۆ کرابوو کە تێیدا جێگری سەرۆك وەزیران د. رۆژ نوری شاوێس و ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بەڕێزان حەسەن سنێد و د. سەلمان ئەلجومەیلی ئامادەبوون.

### عیراق دووەم هەفتەی کوتان دەستپێدەکات

ل‌ه ٢٤ تا ٣٠ نیسان و لە دووەم هەفتەی کوتان لە وڵاتدا ، ژنان و پیاوان و منداڵان لەسەرتاسەری عیراقدا بەشداربوون لە چالاکیی داکۆکیکردن و پەروەردە و پەیوەندیدا کە خزمەتگوزاریی کوتانیشی گرتەوە.

هەر لەم هەفتەیەشدا، وەزارەتی تەندروستی بە پشتگیریی رێکخراوەکانی تەندروستیی جیهانی و یونیسێف خزمەتەکانی کوتانی خۆی فراوان کرد. زیاتر لە ١٦٠٠ کەس لە رێگەی بنکەکانی وەزارەتی تەندروستییەوە خزمەتی کوتانیان پێشکەش کرد و خۆیان گەیاندە منداڵە دوورەدەست و نەکوتراوەکان لەگەڵ ئەنجامدانی بەرنامەی خۆناساندن و چالاکیی گەڕۆکیش لەسەرتاسەری وڵاتدا.

لەمەش زیاتر، ٢٠٠٠ خۆبەخش لە گشت پارێزگاکانی عیراق سەردانی ماڵەکانیان کرد بۆ فێرکردنی خێزانەکان و دایکەکان سەبارەت بە پێکوتەی تازەی باشکراو و گرنگیی کوتان. چەندان چالاکیش لە قوتابخانەکان و پەیمانگا ئەکادیمییەکان و کۆمەڵگاکانی مەدەنی ئەنجامدران.

بە مەزەندەی وەزارەتی تەندروستیش، لە ٩٣٪ی کۆرپەکان ژەمە دەرمانی DPT1 یان وەرگرت لەکاتێکدا ٨٤٪یشیان ژەمە دەرمانی DPT3 یان وەرگرت. بەهەر حاڵ، ٩.٨٪ی کۆرپەکان ژەمە دەرمانی سێهەمیان وەرنەگرتووە.

لە راستیدا عیراق هەنگاوی گەورەی ناوە بەرەو فراوانکردنی کوتان دژی نەخۆشییانەی کە دەکرێت پشیان پێ بگیرێت. هەروەها، عیراق سیستەمی چاودێریکردنی بەهێز کردووە و سەدان کارکەری تەندروستیی عیراقیشی لەسەر راپۆرتدان و لێکۆڵینەوە و ئەنجامدانی کوتانی پێویست راهێناوە. لەلایەکی تریشەوە، راگەیاندنی عیراق ، بۆ پشتگیریکردنی ئەم هەوڵانە و بە بەشداربوونی تەواوی حکومەت، هەڵمەتی وشیارکردنەوەی بەرپاکردووە. لەم چەند ساڵە کەمەی رابردووشدا، عیراق گوڕانێکی گەورەی سەبارەت بە نەخۆشی سورێژە بەخۆوە بینیوە و حاڵەتەکانی ئەو نەخۆشییە لە ٣٠٣٢٨ لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ٤٦٢ لە ساڵی ٢٠١٠ دابەزیوە.

### یونامی لە رووداوەکانی کەمپی ئەشرەف نیگەرانە

لە راگەیاندنێکی رۆژنامەوانی لە ١٦ی نیسانی ٢٠١١، نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) ئاماژەی بەوە کرد کە نێردەکە لە نزیکەوە لە پەیوەندیگرتندایە لەگەڵ "دەسەڵاتدارانی عیراقی" سەبارەت بە رووداوەکانی رۆژانی ٧ و ٨ی نیسانی کەمپی ئەشڕەف لە عیراق. دوای سەردانی بەدواداچوونیش بۆ ئەو کەمپە لە رۆژی ١٣ی نیساندا، یونامی لەگەڵ دەسەڵاتی عیراقی کۆبۆوە و ئەنجامە سەرەتاییەکانی پێڕاگەیاند کە تێیدا کوژرانی ٣٤ کەس و برینداربوونی دەیانی تری پشتراستکرابۆوە.

لەلایەکی تریشەوە، یونامی نیگەرانی زۆری خۆی دەربڕی سەبارەت بە رووداوەکان و بەردەوامیش هانی حکومەتی عیراق دەدات بۆ خۆدوورگرتن لە بەکارهێنانی هێز لەگەڵ راگەیاندنی بەردەوامبوونی لە یارمەتیدانی حکومەتی عیراق بۆ گەڕان بەدوای چارەسەرێك بۆ تەنگژەی کەمپی ئەشڕەف بەگوێرەی یاساکانی مافە جیهانی و مرۆییەکان و بۆ ئەم مەبەستەش داوای یارمەتی لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات.

پێشتریش هەر لەم مانگەدا، یونامی داوای دانبەخۆداگرتن و رێزگرتنی یاسا جیهانی و مرۆییەکانی کردبوو و هانی حکومەتی عیراقیشی دابوو بۆ پێشکەشکردنی یارمەتیی مرۆیی و خزمەتە تەندروستییەکان.

### ٤ قەزای عیراق بۆ جێبەجێکردنی "بەستەکی بنەڕەتی بۆ خزمەتە تەندروستییەکان" دیاری کران

جێبەجێکردنی "بەستەکی بنەڕەتی بۆ خزمەتە تەندروستییەکان" لەرێگەی چاککردنی کاری (یستەمی تەندروستیی قەزا)، کە لەسەر بنەمای "شێوازی پڕاکتیزەکردنی خێزان" دامەزراوە، دەستپێشخەرییەکی تازەی "هەرێمی رۆژهەڵاتی دەریای ناوەراست"ی رێکخراوی تەندروستیی جیهانییە کە لەم دواییەدا لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی عیراقەوە پەسند کرا. بەمەبەستی دابینکردنی بەردەستخستنی خزمەتە تەندروستییە بنەڕەتەکان بۆ هەر تاکێك، بە تایبەتیش خەڵکی کەمدرامەت، بە شێوەیەکی جیهانی و یەکسان و لێهاتووانە، دەستپێشخەرییەکە وەك رێنیشاندەر لە ٤ قەزای پارێزگاکانی بەغداد و کەرکوك و میسان و هەولێر جێبەجێ دەکرێت.

لە ١٦-٢١ی نیسانیش، وەزارەتی تەندروستیی عیراق، بەهاوکاریی "بەرنامەی عیراق"ی رێکخراوی تەندروستیی جیهان، سەکۆیکارێکی لە بەیروت ساز کرد سەبارەت بە جێبەجێ کردنی "بەستەکی بنەڕەتی بۆ خزمەتە تەندروستییەکان" لە رێگەی "سیستەمی تێکهەڵکێشی تەندروستیی قەزا"ی دامەزراو لەسەر بنەمای "شێوازی پڕاکتیزەکردنی خێزان". لەم سەکۆیکارەدا بەرپرسانی باڵای حکومەت و نوێنەرانی رێکخراوەکانی (USAID) و ئاژانسی کار و بەهاناوەچوونی پەناهەندەکانی

فەلەستینی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادە بوون.

مەبست لەم سەکۆیکارە، کە لەلایەن هەردوو شارەزای نووسینگەی هەرێمی و نووسینگەکانی عیراق و ئەردەن و لوبنانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە ئاسانکاری بۆکرابوو، گەیشتن بوو بو بەرێککەوتنێك سەبارەت بە نەخشەرێگای جێبەجێکردنی ""بەستەکی بنەڕەتی بۆ خزمەتە تەندروستییەکان" لە ڕێگەی (IDHS-FPA)ی عیراق هەروەها سەبارەت بە سەرچاوەی دارایی و مرۆیی پێویست و دەستنیشانکردنی ٤ قەزا دوای پیادەکردنی پێوەری ستاندار و شێوازی جێبەجێ کردن.

## ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و وەزارەتی تەندروستیی عیراق هاوبەشانە داوای بەگژاچوونەوەی بەرگریکردنی دەرمان دەکەن

بەربەرەکانیکردنی دژەمیکرۆبی گرفتێکی تازە نییە بەڵکوو گرفتێکە کە خەریکە زیاتر ترسناك ببێت. سەبارەت بە "رۆژی جیهانیی تەندروستی"ی ٢٠١١ش، کە هەمووساڵێك لە ٧ی نیسان یادی دەکرێتەوە، ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی بەستەکێکی ٦ رەهەندی پێشکەش کرد بۆ بەگژاچوونەوەی مەترسی هەڵچووی بەربەرەکانیکردنی دەرمان و داوای کاری بەپەلەی بەکۆمەڵی حکومەتەکان و شارەزایانی تەندروستی و کۆمەڵگەی مەدەنی و نەخۆشەکانیشی کرد بۆ کەمکردنەوەی تەشەنەکردنە جیهانییەکەی و سنووردارکردنی کاریگەرییەکەی لە ئەمڕۆدا و پاراستنی پێشکەوتن لە بواری دەرمان بۆ نەوەکانی دادێت.

لە عیراقیش، بە دروشمی "گیانەکان رزگار بکەن و تەندروستی بپارێزن لە ڕێگەی هێشتنەوەی کاریگەریی دەرمانی دژەمیکرۆبی بەنرخ بۆ بەگژاچوونەوەی نەخۆشییەکان"، "رۆژ"ەکە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و نوسینگەی عیراقی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە یادی کرایەوە. وەزارەتی تەندروستی، بەهاوکاریی نوسینگەی عیراقی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، دەستی دایە هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی وشیاری لە تەواوی پارێزگاکانی عیراقدا کە تێیدا کەرەسەکانی فێرکردن دابەشکران وێڕای وتنەوەی وانە و کردنەوەی پێشانگا و ئەنجامدانی چالاکیی وشیارکەرەوە بۆمامۆستایان و ئەکادیمیان و پزیشکان و دەرمانسازانی بنکەکانی چاودێری سەرەتاییی تەندروستی و دەزگا ئەکادیمییەکان.

شێوازی تازەی "بەستەك"ەکە ئەو ڕێوشوێنانە دەخاتەروو کە حکومەتەکان و هاوبەشکارە نیشتمانییەکان لە بەگژاچوونەوەی درەمان پێویستیانە. هەنگاوەکانی شێواز، کە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی رای سپاردبوو، بریتین لە : (١) پەرەدان و جێبەجێکردنی پلانێکی نیشتمانی و گشتگر و (٢) بەهێزکردنی چاودێری توانای تاقیگە و (٣) دابینکردنی بەردەستبوونی نەپساوە بۆ دەرمانە بنەڕەتە زۆر باشەکان و (٤) ڕێکخستن و پەرەدان بە بەکارهێنانی دەرمان و (٥) بەهێزکردنی بەرگرێکردن لە گرتنەوە (تووشبوون) و (٦) پەرەدان بە داهێنان و توێژینەوە لەگەڵ گەشەدان بە ئامرازە تازەکان.

## هەنگاونان بەرەو باشکردنی ژیانی عیراقییانی بەرکەوتەی کێلگە مینەکان

بۆ بەرزراگرتنی "رۆژی جیهانیی مین"، وەزارەتی ژینگەی عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق لە ٥ی ئایار کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییان لەبارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغداد بەست سەبارەت بە مین لە عیراق. لەم کۆنگرەیەدا، نوێنەرانی راگەیاندنی جیهانی و هەرێمی و ناوخۆیی لە عیراق گوێیان لە د. کەمال لەتیف جێگری وەزیری ژینگە و بەڕێز دانیال ئاگوستبێرگەر سەرۆکی نوسینگەی گەشەپێدانی مرۆییی یونامی و ژەنەڕال هادی ئەسابی بەڕێوەبەری بەشی ئەندازەی سوپای وەزارەتی بەرگری عیراقی گرت.

دەستەکەکورتەیەکیان پێشکەشکردلەسەر پابەندبوونی بەردەوامی عیراق لە بڵاوکردنەوەی وشیاری لەسەر مەترسی کێلگە مینییەکان و رزگارکردنی وڵات لەو پاشماوانەی شەڕ کە هێشتا مەترسی تەقینیان هەیە لەگەڵ پشتگیریکردن لە قوربانییە بەرکەوتووەکانی ئەو پاشماوانە.

چالاکییەکە پێشەنگایەکی وێنەشی لەخۆگرتبوو کە لەلایەن وێنەگری بەناوبانگی کێڵگە مینەکان جیۆڤانی دیفیدێنتی و وێنەگری عیراقیی بەناوبانگ جەمال پێنجۆینییەوە کرابۆوە. پیشانگایەکە کاریگەریی کێڵگە مینییەکان و پاشماوە نەتەقیوەکانی شەڕی لەسەر خەڵکی عیراق نیشاندەدا. هەروەها، پێشانگایەکە ئەوەشی نیشاندا کە چۆن خەڵك و حکومەتی عیراق، بە پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کار دەکەن بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو مەترسییە زۆرانەی کە پارچە نەتەقیوەکان دروستیان دەکەن.

## ئاسۆیەك لە پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەسەڵات لە هەرێمی کوردستانی عیراق

پەرلەمانی کوردستان لە ٧ی نیسان رەشنووسی یاسایەکی پەسندکرد بەمەبەستی باشکردنی واڵایی لە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی هەرێمی و کۆمەڵگەی مەدەنیدا و هەروەها بۆ روونکردنەوەی چوارچێوەی یاساییش بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا.

ڕێکخراوی (یونۆپس) و "بنکەی جیهانی بۆ یاسای ژمارە ٩ی قازانجنەخواز(ICNC ) ئەمەیان بە هەنگاوێکی گرنگ دانا بەرەو بەتواناکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا. دەقی رەشنووسی یاسایەکە، کە تا ئێستا چاوەڕێی ئیمزای سەرۆکی هەرێمە، هاوتەرییە لەگەڵ باشترین پێوەرە جیهانییەکان و بەری کۆمەڵگایەکی مەدەنیشە کە پرۆسەکەی بۆ پێشەوە برد.

ڕێکخراوی (یونۆپس) و "بنکەی جیهانی بۆ یاسای ژمارە ٩ی قازانجنەخواز(ICNC) ماوەی چەند ساڵێکە لە هەرێمی کوردستانی عیراق پشتگیریيان لە پرۆسەی گەشەپێدانی یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکەن هەر لە راوێژی شارەزایان و بڵاوکردنەوەی وشیاری سەبارەت بە باشترین جێبەجێکردنەکانی ڕێکارەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تادەگاتە هەماهەنگی لەنێوان پەیوەندارە هەرێمییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەت و پەرلەمان و ئەنجومەنی سەرۆکایەتیدا.

**هەواڵنامەی یونامی** مانگانە لە لایەن نوسینگەی راگەیاندنی گشتیی یونامی دەردەچێت و بابەتەکانیش مەرج نییە دەربڕی رای نەتەوە یەکگرتووەکان یان یونامی بێت. بابەتەکان ئازادانە بڵاو دەکرێنەوە لەگەڵ سوپاس بۆ هەواڵنامەی یونامی

بۆ لێدوان و پێشنیار پەیوەندی بکەن بە

unami-information@un.org

سەرۆکی نوسینگەی راگەیاندن / وتەبێژ: رادیە عاشوری

سەرۆکی بەشی بڵاوکراوەکان: عائیشە بەسڕی

نوسیار: رەندا جەمال

مۆنتاجی وێنەکان: بیکەم ئەکبەرزادە

دیزان و گرافیك: سالار بریفکانی

**لیستی کورتکراوەی ناوەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان:**

لە عیراقدا ١٦ رێکخراو و بەرنامە و ئاژانس و سندوقی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکەن: ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (FAO) و ڕێکخراوی کاری جیهانی (ILO) و ڕێکخراوی کۆچی جیهانی (IOM) و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بو هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNDP و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و رۆشنبیری- یونیسکۆ UNESCO و سندوقی دانیشتوانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (( UNFPA و بەرنامەی نیشتەجێکردنی مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (Habitat) و نوسینگەی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان- یونیسێف UNICEF و ڕێکخراوی پەرەپێدانی پیشەسازیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووکان (UNIDO) و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی ژنان (UNIFEM) و نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگسازیی کاروبارە مرۆییەکان (UN OCHA) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتەکانی پرۆژە - یونۆپس (UNOPS) و ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی (WFP) و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO ).

# چیرۆکی وێنەیی: کردنەوەی موزەخانەی کەلەپوری سیریانی

موزەخانەی کەلەپوری سیریانی، کە لە ١٠ی نیسان لە عەنکاوەی هەولێر کرایەوە، یەکەمە لە جۆری خۆی لە هەرێمی کوردستانی عیراقدا. ڕێورەسمی کردنەوەکە نەك هەر خەڵکی دانیشتووی ئەم شارۆچکە کریستاننشینەی راکێشا بەڵکوو چەند میوانێکی پایەبەرزیش وەك وەزیری رۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کودستان د. کاوە مەحموود، و سەرقەشەی عەنکاوە بەڕێز بەشار مەتی وەردە. وێنەگر: بیکەم ئەکبەرزادە لە نوسینگەی راگەیاندنی یونامی



سەرقەشەی عەنکاوە بەشار وەردە (لای چەپ) و وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان د. کاوە موحەممەد (ناوەڕاست) هەڵەکە دەقوزنەوە بۆ باسکردنی ئەو جلە هەرێمییەی کە سریانەکان لە شارۆچکە و گوندەکانیان لەبەری دەکەن



ئەو هۆڵە بچووکەی پڕ لەمیوان کە تێیدا بەڕێوەبەری موزەخانە و میوانە بەڕێزەکان وتارەکانی کردنەوەیان تێد پێشکەشکرد پڕ میوانە.



خۆئامادەکردن بۆ پێشوازی میوانەکان: کردنەوەی موزەخانەی کەلەپوری سیریانی لە هەولێر بۆنەیەکی زۆر گرنگە بۆ کریستانەکان ناوچەکە. کارمەندانی موزەخانەکە بە جلی رەسەنی خۆماڵی بەخێرهاتنی میوانەکان دەکەن



دەسنووس و دیکۆمێنتی سریانی و نوسخە ئەسڵییەکانی ناو سندووقە شووشەکان بۆ سەیرکردن دانراون...



لە کۆنەوە بۆ تازە، لە مێژووییەوە بۆ سادەیی، میوانەکان هیچ وردەکارییەك نابۆێرن.



تەنانەت بچووکترین شتی ژیانی رۆژانەی عەنکاوەش نییە کە لەم موزەخانەیەدا نەبێت، هەر شتێك چەند بچووکیش بێت وێنەیەکی کۆنی لەگەڵ دانراوە کە بەرهەمە دەستکردەکانی ژیانی رۆژانە نیاشن دەدات.



ساتێکی رابواردن و پێکەنین....



لە چەکەوە بۆ کامیرا و بۆ بووکەشووشە بۆ منداڵە بچووکەکان، هەر تاکە شتێك بەشداریی دانیشتوانی عەنکاوە نیشان دەدات.



...لەگەڵ وردەکاری مێژوویی ئەلفوبێی سریانی بۆ دۆزینەوەی نهێنییەکانیان



... هەر دیکۆمێنتێك لە موزەخانەی کەلەپوری سریانی چیرۆکی یەکێك لە رازاوەتری کەلتووری ناو کەلتوورە هەمەجۆرەکانی عیراق دەگێرێتەوە.



هەر جلێك لە یەکێکی تر جیاوازە و رازاندنەوە هەرێمییەکەی لەوەی تری جیا دەکاتەوە



....و کاتێکی هیلاکیش.